# خۆپیشاندان لەدژی لەشکرکێشی تورکیا لەسویسرا سەرکەوتوانە کۆتایهات




لەرۆژی 3.11.2007 لەشاری زوریخ لەوڵاتی سویسرا کۆمیتەی سویسرای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق خۆپیێشاندانێکی بۆبەردەم سەفارەتی تورکیا رێک خست. بەئامادەبونی ژمارەیەکی بەرچاو لەخەڵک و نوێنەری ڕیکخراوەی سوسیالستی سویسری گەنجانی کۆمۆنیست لەسویسرا ، سەرەتا خۆپیێشاندەران لەبەردەم مۆزەخانەی شاری زوریخ کۆبوونەوە، لەوێوە بەوتنەوەی شیعاری **نا بۆلەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیا ، بەڵی بۆ دەمەزراندنی دەوڵەتیکی سەربەخۆ بۆ خەلکی کوردستان** . بەرەو سەفارەتی تورکیا بەڕێکەوتن لافیتەو پلاکارتەکان سەرنجی ریبوارانی ئەو ناوچەیەی بۆلای خۆی رادەکێشا و لەگەڵ وتنەوەی شیعارەکان لەلایەن خەڵکانی ئەو ناوچەیە بەچەپڵەرێزان بەخێرهاتنی خۆپیێشاندەرانیان دەکردو خەلکانێک لە مالەکانی خۆیانەوە وێنەی خۆپیێشاندەرانیان ئەگرت . لەگەڵ گەیشتنە بەردەم سەفارەتی تورکیا و وتنەوەی دروشمی **نابۆلەشکرکێشی ، بەڵێ بۆ دەوڵەتیکی سەربەخۆ لەکوردستان** .




کارمەندانی ناو سەفارەتی نارەحت کردبوو لەترسا لەپەنچەرەکانیشەوە نەیان دەوێرا سەیری خۆپیێشاندەران بکەن . خۆپیێشاندەران ویستیان لەڕێگەی نوێنەری شارەوانی شاری زوریخ داوا لەسەفارەت بکرێت لەگەڵیان دانیشن و پەیامی خەڵکی کۆردستانیان لەبەرامبەر لەشکرکێشی وڵاتەکەیان بۆ سەر هەرێمی کۆردستان پێڕابگەیەندرێت . شایەنی باسە بەرپرسانی سەفارەت نەک ئامادەنەبون لەگەڵ نوێنەران دابنیشن بەڵکو نامەیی خۆپیێشاندەرانیشیان رەت کردەوە ،

نوێنەری شارەوانی  شاری زوریخ پەیمانی دا کەلەرێگەی خۆیانەوە نامەکەبگەیەننە دەست سەفارەت .
لەلایەن **سەردار حامید** ووتەی  کۆمیتەی سویسرای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی لەسەر هەلوێستی ڕۆشنی حزب لەبەرامبەر لەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیاو چۆنیەتی بەرەنگاربونەوەی ئەم هێرشانە لە ڕێگەی هاتنە مەیدانی  یەک ریزی خەلک لەدژی  هەرشەی وڵاتانی ناوچەکەو  هەروەها راکێشانی پیشتیوانی  نیونەتەوەی بۆ چارەی سەرکردنی کێشەی خەلکی کوردسان لەرێگەی رێفراندۆمێکی ئازادەوە تا  خەلکی کوردستان دەولەتیی سەربەخۆ دامەزرینن وپشتیوانی نێو دەوڵەتی بۆ بەدەست بهینن .  هەروەها بەخۆپێشاندەرانی ڕاگەیاند کەئەم خۆپێشاندانە دواچالاکی ئێمە نابێت و لەگەڵ هەرهێرشێک بۆ سەر خەلکی کۆردستان ئێمە ڕێگەی تر ئەگرینەبەر بۆ شکست پێهێنانی سیاسەتەکانی دەولەتی شۆفێنستی تورکیا.

دواتر لەلایەن **سێپاستیان** بەرپرسی گەنجانی کۆمۆنیست لەسویسرا وتەیەک پێشکەش کرا، پشتیوانی رێکخراوەکەیانی بۆ کێشەی خەڵکی کۆردستان دەربری ، نارەزایەتی خۆیانی لەبەرامبەر هەرەشەکانی  دەولەتی تورکیا و بۆ سەر خەلکی کوردستان دەربڕی ، هەرهێرشێک بۆ سەر خەلکی کوردستان بەهێرش بۆ سەر خۆیانی دانا .

دواتر لەلایەن جەمال کۆشش وتەی فیدراسۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراق لەسەر هێرشی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر خەڵکی کوردستان پێشکەش کرد .جەمال کۆشش لە بەشیک لە قسەکانیدا وتی : ئێمە خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر هەڕەشەی هێزە عەسکە رییەکانی دەوڵەتی تورکیادا کەلەم رۆژانەدا بەهێزیکی فراوانەوە لەناوچە سنوورییەکاندا خۆیان بۆ پەلاماردان ئامادەکردوە، بەتەواوی توانامانەوە بەرەنگاریان دەوەستین ، هەروەها بانگەوازی پێکهێنانی بەرەیەکی  ئازادیخوازی کرد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بۆ ڕووبەڕوبونەوەی هەر هێرشێکی چاوەروان نەکراو بۆ سەرخەلکی کوردستان ، لەبەشێکی تری قسەکانیدا  بانگەوازی بەرەی ئازادی خوازی ناوخۆی تورکیای کرد کە هەرچۆن لەبەرامبەر تیرۆرکردنی رۆژنامەنوسە ئەرمەنیەکەدا لەبەرامبەر شۆڤێنیستی تورکیادا یەک  دەنگ گوتیان ئێمەش هەمومان هەرئانت دینکین ئیمە هەمومان  ئەرمەنین .
**Wir sind alle Hrant Dink, wir sind alle Armenier**
کۆتایی خۆپێشاندانەکە لەلایەن نوێنەرانی خۆپێشاندەران کە پێک هاتبوو لە پەیمان کەریم وسەردار حامید نامەیەکی نارەزایەتیان دا بە نوێنەری  شارەوانی شاری زوریخ تا لەرێگەی خۆیانەوە بیگەیەنە دەست سەفارەتی تورکیا

کۆمیتەی سویسرای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق .

5.11.2007


3 11 2007


WE CONDEMN
THE TURKISH
TROOP'S
INCURSION INTO
IRAQI
3 11 2007


3 11 2007